# ئەمجارەیان گرنگ گۆڕەپان جێ نەهێشتنە..!



خاڵەبەکر

هیچ گرفتێک نیە گەر بێتوسەرکردەیەک لەسەردەمانی خۆیدا هەموو قورسایی و ئەرکەکانی شۆڕشی لەسەرشان بووبێت و لەدوای ڕاپەڕینیشەوە ڕێگروبەربەستێکی لەڕوو دابنێن و نەهێڵن هەمان کاری شۆڕشگێڕێتی لەسەر جادەی قیریش بەئەنجام بگەیێنێت(ئەوەی ئەڵێ کارەکانی کاک نەوشیروان هەمووی لەتوندوتیژیدا خۆی بینیوەتەوە بەڵی ڕاستە،شۆڕشگێڕ بەپێی قۆناغ دەبیت سەوری و فەوری بێت) دەنا وانەبێت شۆڕشێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی بێ زەبروزەنگ و لاوازو بێ قاعیدە لەگۆڕەپانەکەدا دەخولقێ و هەروەک هەوری وەرزی بەهار چەن گرمەگرێک دەکات و پاشان هەتاوی گورگەزێ دێتەگۆڕی و هەر گورگ ئەزێنێ،(ئەی ئەوە نیە لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەنفالچی و کورد قڕکەرەکان و سیخوڕو ئەمن و تەوارێکان وفایلنیزمەکان لەم بارودۆخەی ئێستادا جێی شایستەیان لەنێو کۆمەڵگاو گۆڕەپانەکەدا هەیەو

بەشۆڕشگێڕ ناوزەند دەکرێن)دەێت تاکی کورد بەتایبەتی ئەوەی ئەمڕۆکە هەر هیچ نەبێت کە کەمێک سەری بەلای سیاسەتا وەردەچەرخێت ئەوەی لاڕوون و ئاشکرا بێت کەیەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لەودەمەدا چ پەیڕەوو پرۆگرامێکی بنیاد نابوو،وەهەروەها لەسەر ئەو بنەمایە چ قاعیدەیەکی جەماوەری بەرفراوانی لەخۆگردکردبۆوە بەتایبەتی لەتوێژی بیرمەندوڕۆشنفکران(ئەمەش بەهۆی پەیڕەوو پرۆگرامەکەی کۆمەڵەوە)بوو،بێ گومان لەتەک ئەوەی کەشۆڕشێکی چەکداری بوو(کفاح مسەلەح) بۆ پاراستنی ڕووی سووری میللەت لەپێشوپاشی نسکۆکەکەی75لەهەمانکاتیشدا شۆڕشێکی ڕۆشنبیریش بوو،ئەڵقە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی(کملک) گەواهی ڕاستەقینەی ئەم ڕاوبۆچوونەیەو بڕواش ناکەم کەس بتوانیت نکوڵی لی بکات،لێ ئەمانە میللەتەکەمانی بەرەو ئاقاری قۆناغێکی فکریدا بردو لەبارودۆخێکی دۆگمادا بەئاگای هێنایەوە،ئەو دەمە مەفرەزە سەرەتاییەکان خاوەن و هەڵگری چ بیرو باوەڕێک بوون؟ بێگومان دروشمەکەیان(بەبێڵ و خاکەناز) دژی ستەم و ژێردەستەییوزۆرداری دەوەستینەوە بوو،ئەو دەمە مەفرەزە سەرەتاییەکان چ هێمایەک بەیەخەو کاسکێتەکانیانەوە بوو؟چ هێمایەک لەسەر قۆناغی تفەنگەکانیان هەڵکەنرابوو،؟گەر وانیەو بڕواش ناکەن،سەردانی گردی سەیوان و گردی شەهیدان بکەن بزانن چ هێمایەک لەسەر کێلی دوانزرگەی شەهیدەکانە؟(هێمای ئەستێرەو کۆمەڵەو کەم بژی و کەڵ بژی) ئەمە سەرەڕای ئەوەی پاش ئەو هەموو ساڵەی کەچەند جار خانەوادەکانیان مەزاری جگەرگۆشەنیشیان نوێکردۆتەوەو هەمان هێماو دروشمیان لەسەر کێلی دوانزرگەکانیان دووپات کردۆتەوە،دیواری زیندانەکان و قەسابخانەکانی بەعس بەخوێنی جەستەی زاماری ڕێخستنەکانی کۆمەڵە چی لەسەر نووسرا بوو،یەک گرتنەوەی باڵەکانیش لەو سەردەمەدا(هێڵی پان و شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە) هەر بۆ توانەوەو نەهێشتنی ڕەونەقی ڕووی کۆمەڵە بوو کەهێڵی پان و شۆڕشگێران بەئەنجامیان گەیاندوو کادیرانی کۆمەڵەش بەهاوڕێیانی زیندانو کاک نەوشیروانیشەوە بەگەنیان کرد،کەئێستا بەداخێکی گرانەوە هەندێ لەکادیرەکانی بوونەتە گەندەڵ وسیاسەت باز،نەک سیاسی و سیاسەت

مەدار،دژ بەڕاگرتنی بەهاوشکۆمەندێکانی گەل و شۆڕش دژ بەخواستو ویستەکانی شەهیدان کەلەپێناویدا بەختکاربوون،ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر سەرنج ڕاکیشە وەکو ئەوەی سەرانی گەندەڵ وایان دانابێ لەژیان و مێژووی خۆیاندا کەجارێکی تر میللەتی کورد چیتر شۆڕشی لەبەردەمدا نیەو دەسکەوتەکانی دەستەبەرکراوەو بەئامانجەکان گەیشتوون،لێ کاک نەوشیروان وهاوەڵە دانسقەکانی بەپێچەوانەوە هەمیشە لەو پێشبینیەدا گوزارشت دەکەن کەگەلی کورد گەلێک تەوەری چارەنووسزازی لەبەردەمدایە وێڕای تەوەرە سیاسێکان تەوەری شۆڕشی خزمەت گوزاری و بنیات نانەوە،لەبەر هێندێ هەڵوێستی هەقیان لەئاست برادەرانی گەندڵدا ڕەق و ناهەقە،وە لەبەردەم ئابوریەکی بەهێزی بەردەم هەڤاڵانی گەندڵدا تووشی شکستێکی مەرحەلی بوون،چونکە دژ بەڕیفۆرم خوازەکان 15 ملیۆن دۆلار بۆ هەڵبژاردنەکان خەرج کراو تەنها 7 ملیۆنی بەر سلێمانی کەوت لەپێناو شکستهێنانی کادرەکانی ڕیفۆرم،کەبەو 15 ملیۆن دۆلارە پرۆژەیەکی نایابی خزمەتگوزاری پێ دەکرا هەرچەندە وەک موتابعێکی دۆزەکە دەبوایە کاک نەوشیروان هەر زوو پەلەی لەدەست کێشانەوەکەی بکردایە،چونکە بیەوێت و نەیەوێت لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە دوای ڕاپەڕین لەناو خەڵکانی گەندەڵدا بەبێ دەنگی سیاسەت ئەکات جگە لەتۆرانوتۆرانکارێکان ئەویش هاوبەشەگەندەڵەو لێ تازە بەتازە لەشاری کوێراندا دەست لەسەر چاوی خۆی لائەبات،لێ لەهەمووی سەیرتر بۆ هەر تەنها ئەو دەستی کێشاوەتەوە؟ لێرەشدا پرسیار دەکەین،ئایا بەنەمانی کادرێکی سەرەکی یەکێتی نیشتیمانی سۆسیال دیموکراتی ئێستا هیچ لەبارودۆخەکە دەگۆڕدرێت بەبێ ئیعلانی ئینشیقاق،؟وەیان ئەو میدیاو سەنتەرە ڕاگەیاندنەی کەکاک نەوشیروان بەتەمایەو بانگەشەی بۆ دەکات لەژێرسایەو بودجەی مامەدا سەردەگرێت(ئاخر مامە هەمیشە بەوە ناسراوە کەدەڵیت کەی مریشکێکت هەبوو ئەوجا هێلکەیەکت بەقەرز دەدەمێ) یان ڕەوشی ئێستای یەکێتی زیاتر بەرەو ئینتیهازیەت و خۆویستی و زیاتر بەرەو گەندڵ بوون و عەشایرنیزم و شێخنیزم و تەکێنیزم مل دەنێت و کورد ووتەنی هەمیشە گایەک دەکات بەقوربانی کێچیک،یان بەحوکمی بنەماڵە دوو پارت و دوو هێزی سەرەکی لەگۆڕەپانەکەدا تەراتێن دەکەن،یان پارتێکی ئەڵتەرناتیڤی مۆدێرن و جیهانگیر بەڕێبەرایەتی نەوشیروان مستەفا لەتەک پارتەکەی مەسعود مستەفادا،لەململانێیەکی سیاسیانەی تازەگەریدا دێتە مەیدان و دەستەبەردەکرێت؟